# وەڵامێک بۆ ڕاگەیاندنی وزارەتی بێ نوقتەو فاریزە ... عەلی مەحمود محەمەد

لەسەرەتادا دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم و دەستخۆشی لە وزارەتی ناوخۆیی هەرێمی سلێمانی و كەلار دەكەم، كە ئامادەیی ئەوەیان هەیە وەڵامی ئەو كەسانە بدەنەوە كە بابەت لەسەر خۆیان دەنووسن. تا ئێستا دام و دەزگا حیزبی و حكومییەكانی كوردستان قرقۆشمیان لە گوێچكەیان تواندۆتەوە لە ئاست ئەو رەخنانەی بەرەو ڕوویان كراوەتەوە.

ئەو كاتەی تەقاندنەوەكەی هەولێر ڕوویدا، بە شانازییەوە یەكەم بابەتی نووسراو من بووم، تیایدا داوای ئیستقالەی وەزیری ناوخۆم كرد. ئەگەر وزارەتێك نەتوانێت ئاسایشی هاووڵاتیانی دابین بكات، تەنها هەقی ئیستقالە كردنە.

وزارەتی ناوخۆ بەو هەموو فەرمانبەر و هەڵەچن و كوردی زمانەوە، نەتوانن دوو نوقتەو فاریزە بۆ پەرەگرافی نووسینەكانیان دابنێن، چ مافێك دەدەن بە خۆیان تانەو تەشەری هەڵەی زمانەوانی لە خەڵك بدەن. دەسەیری ئەم وتارە بێ نوقتەو فاریزەیە بكەن:

http://kurdistannet. org/9-2005/18-9/WaLam-Bo-Ali-Mohamad_mahmod. pdf

سەربارى ئەوەی بە بڕوای من وەزیری وزارەتی ناوبراو، یەكێكە لە سیاسییە زۆر دەگمەنەكانی كوردستان كە تاكو ئێستا ڕێزی لە ڕابردووی تێكۆشانی خۆی گرتووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بەڕێزی نمونەی وەزیری ئازادی خواز و سەركەوتوو بێت.

من كە ئەو نموونەیەم هێناوەتەوە لە (ڕۆژنامەی ئاسۆ) وە، نەم وتووە ئەمە بڕیاری وزارەتی ناوخۆیە، وزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاری قێزەونی لەم چەشنە بدات، وزارەتی ناوخۆ كە لە هەموو جیهان بە وزارەتی سەركووت و ستەمگەری بەناو بانگە دەبێت چی بكات!؟، نازانم لە چ شوێنێكی جیهان بڕیاری خۆپیشاندان لە دەستی وزارەتی خوێندنی باڵا بووە، مەگەر لە حكومەتە سۆسیال دیموكراتەكەی كوردستان، بۆیە دەبێت مەمنون بین بە ماجەرای كەلار.
ئێستا كاتی ئەوەیە وزارەتی ناوخۆی هەرێمی سلێمانی و كەلار، لە لایەكەوە ڕاشكاوانە ڕەخنە لە خۆی بگرێت لە بەرامبەر ئەو پێشێل كاریانەی بەرامبەر ئازادی ئەنجامدراوە لە كوردستان (كەلار – زانكۆ- خۆپیشاندانی كوردەكانی خۆرهەڵات. . . . ) ، لە لایەكی دیكەوە تاوانبارانی كەلار بداتە دادگا. هاوكات یاسایەك بۆ ڕێكخستنی سازدانی خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری دەربكات، پێوەری ئینتما بۆ دەسەڵات نەمێنی بۆ مەرجی سازدانی خۆپیشان دان، چونكە دەسەڵاتداران پێویستیان بە خۆپیشاندان نییە، ئەوەی ئەوان سازی دەكەن عەرزی عەزەڵاتە.
لە كۆتاییدا هیوادارم وزارەتی ناوخۆ كەسێك بۆ ڕاگەیاندنەكەیان دا بنێن، لانی كەم شارەزایی لە نوقتەو فاریزەدا هەبێت.